# ڕێگای ئافرەتی موسڵمان بەرەو بەختەوەری

✍: الشيخ: عبدالعزيز المقبل
وەرگێرانی: دایکی ئالاء

بەشی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسـول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد:

## پەرتوکخانە:

٢٣- سـوربە لەسـەر هەڵبـژاردن وکۆکردنـەوەی پـەرتوکی چـاك وبەسـود بـۆ پێکەوەنانی پەرتوکخانەیـەك لـە ماڵـەوە کـە سـودی هـەبێت بـۆ هـەموو ئەنـدامانی خێزانەکەت.

٢٤- خۆت بپارێزە لەوەی کـە کاتەکـەت بـە فیڕۆ بـدەیت لـە خوێندنـەوەی پـەرتوکی بـێ سود، وەخۆت بە دوور بگرە لە خوێندنەوەی پـەرتوکی زیـان بـەخش وەك: گۆڤـارە ڕووخاوەکان وبەسـەرهات ورۆمـانی ڕوخێنـەر کـە نووسـەرەکانیان مەبەسـتیان بلاۆکردنەوەی خراپەکارییە، وەئاگادرابە ئەم شتانە نەبەیتەوە بۆ ماڵەکەت.

٢٥- وا بەسـودە کـە پەرتوکخانەکـەت پـەرتوکی جۆراوجـۆری تێـدا بێـت بـۆ پڕکردنـەوەی هـەموو پێویـستییەکان، وچارەسەرکردنی هەموو بابەتـەکان، چـونکە موسـڵمان پێویـستی بـە زانینـی هـەموو حوکمـەکانی دیـن وکاروبـاری بیروباوەڕەکەیەتی، وزانینی هەواڵی جیهانی ئیـسلامی وکێـشەی موسـڵمان، وەهەسـت کردن بەو هۆکارانەی کە یارمەتیت دەدات لە پـەروەردە کردنـی مـاڵ ومنـداڵ وخێـزان، وەتەماشـا کردنـی ژیاننامـەی پێـشینە چـاکەکان و وەرگرتنـی پەنـد وئامۆژگـاری لێیانەوە.

٢٦- ئەگـەر پـەرتوکێکی خـۆش وبەسـود سەرەنجی ڕاکێشایت هـەوڵ بـدە بیناسـێنیت وبیـدەیت بـە خوشـکە موسـڵمانەکانت، وە هانیـان بـدەیت لەسـەر خوێندنـەوەی، وە

ئەگــەر پــەرتوكێكی خــراپ وزەرەرمەنــدت بەردەســت كــەوت ئــەوا خوشــكەكانتی لێ ئاگادار بكەرەوە لە هەڵە وخراپەكانی.

٢٧- خوێندنەوە كارێكی پێویست و گرنگە، هــەوڵ بــدە بــۆ قۆســتنەوەی هــەل وســود وەرگـرتن لـە كـات بـۆ زیـاد كردنـی زانست وزانیاری.

## دەرچون بۆ بازاڕ:

٢٨- ســور مەبــە لەســەر دەرچــون ئەگــەر یەكێك هەبوو پێویستییەكانی بۆت جیٚ-بەجیٚ دەكرد، بەڵام ئەگەر ناچار بوویت بـۆ دەرچـوون بـا دەرچـوونەكەت لـە كـەمترین كاتدا بێت وبەپێی پێویستییەكەت بێت.

٢٩- ئەگەر دەرچوویت بۆ بـازار ووریابـە لـە بۆن لـە خـۆدان و جوانكـاری وپۆشـینی جـل وبــەرگی جــوان وســەرەنج راكــێش، چــونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(إن المرأة إذا استعطرت فمرت بالمجلس فهي كذا وكذا . يعني زانية)(١).

واتە: ئەگەر ئافرەت بۆنی لـەخۆی داو بـەلای كۆمەڵێكدا تێپـەڕی بـۆنی بـچێت بەسـەریاندا ئەوا ئـەو ئافرەتـە ئـاواو ئاوایـە، واتـە: زینـا كارە.

وە جل وبەرگەكەت هەموو لەشت داپۆشێت.

٣٠- ئەگەر لە بازاڕ بوویت یان لە ڕێی بازاڕ زۆر ئاوڕ مەدەرەوە، چونكە چاو خلیسكانی ترســناكە، وەلــەكاتی جێبــەجێ كردنــی پێویــستییەكەت وریابــە زۆر قــسە لەگــەڵ فرۆشـیارەكە مەكـە، چـونكە دەبێتـە هـۆی نەمانی شـەرم وكردنـەوەی دەرگـای ئاشـوب وخراپەكاری.

٣١- ئەگەر خراپەیەكت بینی لەبازاڕ یـان لـە ڕێی بازار ئەوا پێویستە لەسـەرت نكوڵی لێ بكـەیت، وەئەگــەر نــەتوانی بــەدڵت، خــوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [التوبة: ٧١] .

واتە: باوەڕدارانی پیاو وئـافرەت هەنـدێكیان پشتیوان ویارمەتیدەر وسەرخەری هەنـدێكی تریـان، فـەرمان دەكـەن بـە چاكەو نكـوڵی دەكەن لە خراپە.

٣٢- هەندێك لە ئافرەتان دەرچون بـۆ بـازاڕ دەكەنــە رابــواردنێكی ڕۆژانــەیان، كــە زۆر دەردەچن وهەموو ڕۆژێـك بـەیانیان وئێـواران

---

(١) (رواه أحمد والترمذي، ولأبي داود والنسائي نحوه، وصححه الألباني في: مشكاة المصابيح: ١٠٦٥).

دەبینرێن لە بازاڕ، پەنا دەگرم بە خوا لەو کۆمەڵە نەبیت، چونکە دەبنە هۆی ئاشوب بۆ خەڵکی وکات بە فیڕۆ دانیان.

٣٣- بەزەییەکت بە خۆت و هاوسەرەکەتدا بێتەوە، باماڵەکەت نەبێتە بەشێك لە بازاڕ ئەوەی پێویست نەبێت مەیکڕە.

## پاڕانەوە:

٣٤- تۆ لاوازو بە پێویست ونەبوونی بەرامبەر بە خوای دەڵەمەندی بالاّ دەست، با دەستت هەمیشە بەرزکراوە بێت وداوای لێبوردن وسەلامەتی وسەرکەوتنی دونیا وقیامەت بکە، خوای گەورە وەلاّمت دەداتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(إن ربكم حي كريم يستحيي من عبده أن يرفع إليه يديه فيردهما صفرا)(٢).

واتە: پەروەردگارتان بەشەرم و بەخشندەیە، شەرم لە بەندەی خۆی دەکات کاتێك کەدەستی بەرز دەکاتەوە بە خاڵی وبەتاڵ بیگەڕێنێتەوە.

وە ووریابە وپەلە مەکە لە وەلاّمدانەوەی، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(ما من عبد يرفع يديه (حتى يبدو إبطه يسأل الله مسألة إلا آتاه إياها ما لم يعجل يقول قد سألت وسألت فلم أعط شيئا)(٣).

واتە: هیچ بەندەیەك نییە ئەوەندە دەستی بەرز بکاتەوە تا بن باڵی دەرکەوێت وداواکارییەك لە خوای گەورە بکات ئیلا خوای گەورە دەیداتێ ئەگەر پەلە نەکات ونەڵێت داوام کرد وداوام کرد هیچم پێ نەبەخشرا.

وە دەست پێکردنی پاڕانەوەکەت با بە سوپاس وستایشی خوا و سەلاّوات دان بێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ، وە هەر بەمە کۆتایی پێ بهێنە، وە ڕوو لە خوا بکە بە ڕاستی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(ادعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة، واعلموا أن الله لا يستجيب دعاء من قلب غافل لاه)(٤).

---

(٢) (رواه ابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح سنن ابن ماجة: ١٨٦٥).

(٣) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٢٨٥٣، وصحيح الجامع الصغير: ٥٧٣٩).

(٤) (رواه الترمذي والحاكم، وحسنه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٣٤٧٩، وصحيح الجامع الصغير: ٢٤٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٦٥٣) .

واتـە: بپاڕێنـەوە لـە خـوا ودڵنیـا بـن لـە وەڵامدانـەوەی، وە بـزانن کـە خـوای گـەورە وەڵامی داوایەك ناداتەوە لە دڵێکی بێ ئاگا.

وە ووریابە لـە داوا کـردن وپاڕانـەوەی تـاوان وخراپـەو بـچڕانی پەیوەنـدی خزمایـەتی، وە ئەگەر وەڵامێکی ئاشـکرای داواکـەت نـەبینی ئـەوا دڵ گـران مەبـە، چـونکە خـوای گـەورە بـۆت هەڵـدەگرێت بـۆ ڕۆژی دوایـی وبـۆت دەکات بە پاداشـت، یـان بـە ئەنـدازەی ئـەو پاڕانەوەیە گوناهت لێ دەسـڕێتەوە، یـان بـە ئەندازەی ئەو پاڕانەوەیە خراپـەت لەسـەر لا دەبات.

٣٥- خۆت نزیك بکـەرەوە لـە خـوای گـەورە بـە فـەرز وسـوننەتەکان وهـەموو شـتێك کـە نزیکت بکاتەوە لـە خـوای گـەورە، پاداشـتی گـــەورەت دەســـت دەکـــەوێت و دەگەیتـــە پلەیـــەکی بـــەرز ودەبیـــت بـــە یـــەکێك لـــە خۆشەویـستانی خـوای گـەورە ئەوانـەی کـە ترسیان نییە لە ڕۆژی دوایی ودڵ تەنگ نـابن لەوەی لە دونیـا بـەجێیان هێشتووە، خـوای گـەورە وەڵامـی پاڕانەوەکـەیان دەداتـەوە وناخۆشـییەکانیان لا دەبـات و دڵیـان پـڕ دەکـــات لـــە ئـــارامی، پێغەمبـــەر ﷺ دەفەرمێت:

(إن الله تعالى قال من عادى لي وليـا فقـد آذنته بالحرب، وما تقرب إلي عبدي بشيء أحب إلي مما افترضته عليه، وما يزال عبدي يتقرب إلي بالنوافل حتى أحبه، فإذا أحببتـه كنت سمعه الذي يسمع به، وبصره الـذي يبصر به، ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها، وإن سألني لأعطينه، وإن استعاذني لأعيذنه)(٥).

واتە: خوای گەورە دەفەرمێت: هـەر کەسـێك دژایەتی خۆشەویستێکی من بکـات ئـەوا مـن جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، وە بەندەی من لە من نزیك نابێتەوە بە شتێك خۆشەویستتر لـە لای مـن لـە فـەرزەکان، وە بـە بـەردەوام بەنـدەی مـن لـێم نزیـك دەبێتـەوە بـە ئەنجامـدانی سـوننەتەکان تـا وای لێ دێـت خۆشـم دەوێت، وە کـە خۆشـم ویـست ئـەوا چـاو وگـوێ ودەسـت وپـێی دەپـارێزم لـە تـاوان، وە ئەگـەر داوام لێ بکـات پـێی دەبەخـشم، وە ئەگـەر داوای پـەنا گـرتنم لێ بکات ئەوا پەنای دەدەم.

---

(٥) (رواه البخاري: ٦٥٠٢، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ١٧٨٢، ومشكاة المصابيح: ٢٢٦٦) .

٣٦- ئەگەر ئافرەتێکی موسڵمانی دەست گرتوت بە دینەوە بینی کە وەلآمی فەرمانەکانی پەروەدگاری دابووەوە و شانازی بە بیروباوەڕەکەیەوە دەکرد ئەوا هەستی خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربڕە وبە هاوڕێی خۆتی بگرە، چونکە خۆشەویستی لەبەر خوا پلە وپایەی بەرزە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

قال الله تعالى: (المتحابون في جلالي لهم منابر من نور يغبطهم النبيون والشهداء)[٦].

واتە: خۆشەویستان لەبەر خاتری من لە ڕۆژی دواییدا لەسەر مینبەری نورن، کە پێغەمبەران وشەهیدەکان خۆزگەیان پێ دەبەن.

٣٧- ئەگەر کاتەکەت بەباشی دابەش نەکەیت ئەوا لەدەستت دەچێت، چونکە تۆ پێویستیت بە پێداچونەوەی وانەکانت هەیە ئەگەر قوتابی بیت، وە پێویستە هەستیت بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵ ومێردت، وەدەرچونێك کە سودمەند بێت، وە خوێندنەوەیەك کە بەسود بێت، وەسەردانی کەس وکارت.

(٦) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٢٣٩٠، وصحيح الجامع الصغير: ٤٣١٢).

٣٨- سەردانی خزمەکانت بکە دەبێتە هۆی پیت وبەرەکەت لە تەمەن وڕۆزیت، وە سور بە لەسەر سەردانی خزمەکانت وە با سەردانەکانت بە سود بێت بۆت، وەهانیان بدە لەسەر چاکە وە بیان ترسێنە لە خراپە، وە ئاگاداریان بکە لە شتی زەرەرمەند، وە ئامۆژگاریان بکە بەوەی کە باشە بۆ ئارامی ودڵنیا بوونت لە تەندروستیان، وە پرسیار بکە دەربارەیان، پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(من أحب أن يبسط له في رزقه وأن ينسأ له في أثره فليصل رحمه)[٧].

واتە: هەر کەسێك پێی خۆشە ڕۆزی فراوان بێت و تەمەنی درێژ بێت با سەردانی خزمانی بکات.

٣٩- با زۆری ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانی خوا دەکەن وە کەمتەرخەمی لە جێبەجێ کردنی شەرعدا دەکەن فریوت نەدەن، چونکە ڕۆژێك دێت ستەمکار دەستی خۆی دەگەزێت وپەشیمان دەبێتەوە وئیمانداریش دڵ خۆش دەبێت بە ڕزگار بوونی دڵ خۆش بوونێکی گەورە، وە ناخۆشییەکانی قیامەت دەبینێت کە کەس

(٧) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٩٥٦).

خاوەنی هیچ شتێك نییە تەنها ئەو کتابە نەبێت کە بەدەستی راستی دەیدرێتی و دەڵێت: وەرن ئەم کتابەی من بخوێننەوە، چونکە من دڵنیا بووم کە توشی ئەم سەرەنجامە باشە دەبم. خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ﴾ [الحاقة: ١٩-٢٠] .

٤٠- سۆزو بەزەیی بچێنە لە دڵتدا، وە بەزەییت بە گەورە وبچوکدا بێتەوە تەنانەت بە ئاژەڵانیش، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (من لایَرحم لایُرحم)(٨).

واتە: ئەو کەسەی بەزەیی بە کەسدا نەیاتەوە رەحمی پێ ناکرێت.

وەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(بينما رجل يمشي بطريق فاشتد عليه العطش فوجد بئرا فنزل فيها فشرب، ثم خرج فإذا كلب يلهث يأكل الثرى من العطش، فقال الرجل: لقد بلغ هذا الكلب من العطش مثل الذي كان بلغني فنزل البئر فملأ خفيه فأمسكه بفيه حتى رقي فسقى الكلب فشكر الله له فغفر له، فقالوا يا رسول الله ﷺ وإن لنا في البهائم لأجرا؟ فقال في كل ذات كبد رطبة أجر)(٩).

واتە: پیاوێك بە رێگایەکدا دەرۆیشت، وتونێتی زۆری بۆ هێنا، بیرێکی بینی دابەزییە ناوی وئاوی خواردەوە وهاتە دەرەوە بینی سەگێگ هەناسە بڕکێیەتی ولە تونێتیدا خۆڵ دەخوات، پیاوەکە ووتی ئەم سەگەیش لە تونێتیدا وەکو منی بەسەر هاتووە، دابەزییەوە ناو بیرەکەو پێڵاوەکانی پڕ ئاو کرد و بەدەمی گرتی تا سەرکەوت وسەگەکەی تێر ئاو کرد، خوای گەورەیش سوپاسی کرد ولێی خۆش بوو. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا لە بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵیشدا پاداشتمان هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ لە هەموو ئاژەڵێکی زیندوو پاداشتان بۆ هەیە.

هەروەها دەفەرمێت:

(عذبت امرأة في هرة حبستها حتى ماتت، جوعاً فلا هي أطعمتها ولا هي أرسلتها تأكل من خشاش الأرض)(١٠).

واتە: ئافرەتێك سزا درا لەسەر پشیلەیەك کە بەندی کرد هەتا مرد لە برسا، نە خواردنی

(٨) (البخاري، الفتح: ١٠/ح٦٠١٣).

(٩) (البخاري: ٦٠٠٩) .

(١٠) (البخاري: ٢٣٦٥) .

پێدا نە بەریدا خۆی خواردن پەیدا بکات، لەسەری خراپە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

٤١- ئاگاداری بانگخوازانی خراپە بە بەناوی پێشکەوتن، کە هەموو هۆکارێك دەگرنە بەر بۆ تێك دان وخراپ کردنی ئافرەتی موسڵمان، وە بۆ دەرکردنیان لە پاکێتی وپارێزراوی وپۆشتەییەوە بۆ رووتی و خۆدەرخستن، وەبەکارهێنانی هۆکاری جۆراوجۆر وگرتنەبەری رێگا بۆ لە ڕێ لابردنیان، وە ئاگاداری خوشکانت بە لە کەوتنە ناو خراپەکاری وفرِوفێڵیانەوە بە گوفتارەکانیان.

٤٢- شانازی بکە بە دینەکەت، وەسەربەرز بە بەبیروباوەڕەکەت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾

[آل عمران: ١٣٩] .

واتە: هەر ئێوە سەربەرزو پایەبلندن، ئەگەر باوەڕدارین.

وە ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی کە شەرم بکەیت لە ئاشکرا کردنی دروشمەکانی دینەکەت بیانشاریتەوە.

٤٣- رۆشنبیری دینی خۆت وەربگرە بە گوێ گرتن لە وتاری دینی، وخوێندنەوەی گۆڤاری دینی سودمەند.

٤٤- یارمەتیدەربە لەسەر بلاو کردنەوەی خێر وچاکە ورەوشتی جوان وزانیاری بە سود لە ماڵ وخوێندنگە ولەلای خزم وهاوڕێیانت.

٤٥- سوربە لەسەر یارمەتیدانی دایکت لە کاروباری ماڵەوە، چونکە ئەمە چاکە کردنە لەگەڵیدا وپاداشت دانەوەیەتی لەبەرامبەر چاکە زۆرەکانی، هەروەکو چۆن راهێنانە بۆ خۆتیش تا لە ژیانی داهاتوودا سەرکەوتوو بیت بە ویستی خوای گەورە، وە ئاگادارت دەکەمەوە لە سستی وتەمەڵی کردن بەناوی خوێندن وئەنجامدانی ئەرکی خوێندنگە.

٤٦- هەمیشە روو خۆش بە، چونکە ئەمە هیچی تێناچێت، بەلاّم خوشەویستی خەڵکی بەدەست دێنیت ولەهەمان کاتدا پاداشت وەردەگریت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(تبسمك في وجه أخيك لك صدقة)[١١].

واتە: رووخۆشی وزەردەخەنەت لە بەرامبەر موسڵماناندا بۆ تۆ خێر وچاکەیە.

---

(١١) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ١٩٥٦، وصحيح الجامع الصغير: ٢٩٠٨) .

٤٧- ئاگادارت دەکەمەوە لە تورە بوون وهەڵچون، پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وپێی فەرموو: ئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(لا تغضب، فردد مراراً قال: لاتغضب)[١٢].

واتە: تورە مەبە، پیاوەکە چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە، پێغەمبەر ﷺ هەر دەیفەرموو: تورە مەبە.

وە بزانە تورە بوون لە شەیتانەوەیە، بۆیە خۆت بپارێزەوە بە ئارام گرتن ولێبوردن لەبەرامبەر هەڵەی خەڵکی.

٤٨- ئاگاداربە لە لاسایی کردنەوە وچاولێکردنی کافران لە داب ونەریت و هەڵسوکەوت وجل وبەرگ وخواردن وخواردنەوە و جگە لەمانە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(من تشبه بقوم فهو منهم)[١٣].

واتە: هەر کەسێك خۆی بچوێنێت بە هەر نەتەوەیەك ئەوا لەوانە .

٤٩- زۆرێك لە ئافرەتان خەم ساردی وکەمتەرخەمی دەکەن لە نوێژەکانیان و دوای دەخەن ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن، ئیتر بەهۆی سەرقاڵیانەوە بێت بە ئیش وکارەوە یان بە قسەی بێ سودەوە، پەنا دەگرم بە خوای گەورە کە لەمانە بێت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ [الماعون: ٤-٥] .

واتە: هەرەشە وتیا چون ودۆزەخ بۆ ئەو نوێژ خوێنانەی کە بێ ئاگا وکەمتەرخەمن لە نوێژەکانیان ودوای دەخەن ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن تا کاتەکەی بەسەر دەچێت.

٥٠- رۆژوو گرتن پلەوپایە ویاداشتێکی زۆر گەورەی هەیە، هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاك کردنەوەی دەرون و ویژداندا، خۆزگە خۆت رادەهێنا لەسەر رۆژووی سوننەت، وەکو شەشەڵان وسێ رۆژ لە هەموو مانگێکدا.

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

(١٢) (البخاري: ٦١١٦) .

(١٣) (رواه أبو داود، وصححه الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٠٣١، وصحيح الجامع الصغير: ٢٨٣١).